کۆنەساڵ دروست کردبوو و تێیدا دەژیان. دوای ڕۆیشتنی من و زۆرێکی دیکە لە هاوڕێیان، هاوڕێ عارف لەگەڵ کاک عومەر لەوێ مانەوە و بە داخی زۆرەوە کەوتنە بەر بۆمباردمانی سەددام و شەهید بوون.

ئەودەم من گەڕابوومەوە تاران و لەگەڵ دایک و خوشکمدا پێکەوە دەژیاین. دایکی دڵشکاو و ڕۆڵە کووژراوی کاک عارف، هاتە ماڵمان و گەلێک گریا. دەیویست کوڕەکەی بگەڕێتەوە و دەیگوت لە تاران دەتوانم بیشارمەوە و بیحاوێنمەوە. بەداخەوە من پەیوەندێکم لەگەڵ ڕێکخراوەکە نەمابوو و بە ماوەیەکی کەم دوای ئەو چاوپێکەوتنە هەواڵی شەهیدبوونی عارفم پێ گەیشت و هیچ نەکرا بۆ گەڕانەوەی. دایکی عارف پیش مردنی کوڕی دووهەمی گەلێک پەشێو و ناڕەحەت بوو، داخوا دەبێ بە بیستنی هەواڵی مەرگی کوڕی دووهەم چی لێ بە سەرهاتبێت. کێ بەو هەموو ئازار و دەردە دەزانێت کە گەلەکەمان و بنەماڵەیەکی مەزڵوومی وەک خەلیفەزادە تووشی هاتن؟ ئەگەر خوایەک هەبوایە دەبوو هەڵینەگرێت.

یادی هەردوو برا مەزڵوومەکەی خەلیفەزادە بەخێر بێت!

## ٦. **هاوڕێ عەبدوڵلا .......**

کوڕەلاوێکی خوێندەواری خەڵکی سەقز و لایەنگری ئەکسەرییەت بوو. لە بنکەیەکی ڕێکخراوەکە لە دەوروبەری شنۆ و نەغەدە بوو. هاوڕێیەکی خۆی تفەنگی یووزی پاک کردبووەوە گوللەی لەدەست دەرچووبوو، بەداخەوە گوللە وەبەر ئەویش کەوتبوو و نەخواستە کووژرابوو.

ستادی سازمان لە مەهاباد هەواڵی کارەساتەکەی بە تەلەفون بە من لە بە دەفتەری بۆکان ڕاگەیاند و جەنازەکەشیان ناردەوە بۆکان. هەواڵمان بە کەس وکاری هاوڕێی لەدەستچوو دا، دایک و خاڵی ئەودەم یا لە بۆکان بوون یا لە سەقزەوە هاتن، جەنازەکەیان وەرگرت وئەوەندەی لەبیرم بێت لە بۆکان ئەسپاردەیان کرد. کارەکە بوو بە هۆی خەم و کەسەرێکی زۆر بۆمان لەبەر ئەوەی شۆڕەلاوێکی ڕێکخراوەکەمان بە دەست هەڤاڵێکی خۆمان گیانی لەدەست دەبوو بەڵام چ کەردەن؟ خەسارەکە بە هەڵکەوت ڕووی دابوو و نەدەگەڕایەوە.

دایکی شەهید بە ڕوونکردنەوەکانی ئێمە ڕازی نەبوو و ڕاگەیاندنێکی نووسی و بەدیوارەوەی دا و تێیدا هێرشی کردە سەر ئێمە. هەرچۆنێک بێت دایکێکی ڕۆڵە کووژراوی دڵ بریندار مافی خۆی بوو لە سەر ڕووداوێکی وا دڵتەزێن ڕەخنەی زۆر لەوە توندتریش لە ڕێکخراوەکە بگرێت لەبەر ئەوەی کارەکە هیچ مەنتیقێکی تێدا نەبوو و نەدەبوایە ڕوو بدات.

یادی هاوڕێ عەبدوڵلا بەخێر بێت!

## ٧. **هاوڕێ ئەبوبەکر حەمیدی**

وتارەکە بە ناوی نەمر ئەبوبەکری حەمیدی کۆتایی پێ دەهێنم.

